نێچیرڤان بارزانی و باڵیۆزی بەریتانیا دۆخی عێراق تاوتوێ دەکەن

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و باڵیۆزی بەریتانیا دۆخی عێراق تاوتوێ دەکەن

سەرۆکایەتی هەرێم لە ڕاگەیێندراوێکدا کە دەستی موتڵەع کەوتووە بڵاویکردەوە،نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە ئیرفان سدیق، باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق و شاندێکی یاوەری کرد.

وتیشی لە دیدارێکدا وێڕای ستایشی ئاستی پەیوەندییەکانی بەریتانیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، جەختیان لە برەودان بە پەیوەندییەکان و خواستی دوولایەنە بۆ فراوانکردنی هاریکاریی هاوبەشی نێوانیان لە هەموو بوارەکاندا کردەوە.

هەردوولا سەرکەوتنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان بە هەنگاوێکی گرنگ بۆ برەودان بە دیموکراسی و بەڕێوەبردنی پرۆسەی سیاسی لە وڵات لە قەڵەم دا. هەر لەمبارەیەوە پێشبینی و بۆچوونیان دەربارەی پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی فیدراڵی لە عێراق خستەڕوو.

د□خی ناوخ□ی هه□ر□می کوردستان و چه□ند پرس□کی دیکه□ی ج□ی بایه□خی هاوبه□ش، ته□وه□ر□کی دیکه□ی دیداره□که□ بوو.